مەندەلاوی داوا لە تورکیا دەکات داواکراوانی عێراقی لەوانەکەی رادەستی دەسەڵاتی داوەری عێراقی بکات



موحسین مەندەلاوی، سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران بە وەکالەت، ئەمڕۆ پێنجشەممە، داوای هاوکاری کرد لە پێناو نەهێشتنی ئایدۆلۆژیای تیرۆریستی کە زیان بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی هەردوو وڵات دەگەیەنێت، هاوکات داوای کرد کە کەسانی داواکراوی ئامادەبوو لەسەر خاکی تورکیا رادەستی دەسەڵاتی دادوەری عێراق.

نووسینگەی هاگیاندنی سەرکی ئەنجوومەنی نوێنەران بە وەکالەت لە هاگەیەنراوەکدا باویکردووە "موحسین مەندەلاوی ، سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران بە وەکالەت، ڕێزامەندی دەربڕی، لە میانی کۆبوونەوەی ئەمڕێدا، لە ئێنقەرەی پایتەختی تورکیا، لەگەڵ جێگری سەرکی ئەنجومەنی نیشتیمانی تورکیا، بە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی پەرلەمانی نێوان هەردوو وڵات و چالاککردنی ڕۆڵی دەستایەتی عێراق و تورکیا و هاوکاریی هاوبەش لە هەموو بوارەکاندا".

بەگوتەی ڕاگەیندراوەکە مەندەلاوی جەختی لەوە کردووە کە "عێراق سانەکی زۆر بەدەست تیرۆرەوە دەناڵێنێت، و هەموو ئەو گروپانە ڕێتدکاتەوە کە زمانی کوشتن و لەناوبردن پراکتیز دەکەن"، ئاماژەی بەوەشکرد "ئێنجووەمەنی نوێنەران و حکومەت پاراستنی ئاسایشی سنووورەکانی عێراق-تورکیا لە پێشینەی کارەکانیان داناوە ".

لەراگەیندراوەکەدا ئاماژەی بۆوشکرد کە "کاربکرێت بۆ نەهێشتنی ئایدۆلۆژیای تیرۆریستی کە زیانی بە هەموو چومگەکانی کۆمەڵایەتی هەردوو وڵات گەیاندووە، ئەمە جگە لە هەماهەنگی لە بوارەکانی کێنترۆڵکردنی سنوورەکان و کێنترۆڵکردنی ماددە هۆشبەرەکان، جگە لە هاوکاریکردن لە ڕادەستکردنەوەی ئەوانەی داواکراون بۆ دەسەڵاتی دادوەری عێراق بۆ تاوەتی گەندەڵی ئێستا لەسەر خاکی تورکیا دژێن".

ئاماژەی بۆوشکرد، "عێراق دژی سەقامگیری ئەمنییە بینیوە و دیپلۆماتبەتە خاڵی دەستپێکی ئێرانی لە ناوچەکەدا"، ئاماژەی بۆوشکرد، "تورکیا بە هاوبەشێکی جوهەری دەزانێت و پێیوندییەکی بەهێزی لەگەڵدا هەیە، و هەوڵدەدات لە بواری ئابووریدا بەهێزیان بکات". سەبارەت بە هەنارەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بەندەرەکانی تورکیاوە، مەندەلاوی ڕایگەیاند کە "لەم بوارەدا چارەسەرێك لە نەوان ناوەند و هەرێمدا هەیە".